# (غەزەل)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

یەکشەممە (٨–١٠–٢٠٢٣)

- **غەزەل**: بریتییە لە پارچە شیعرێکی کورت لەسەر یەک کێشی عەرووزی و یەک قافیە دەبێ. هەندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە سێ (٣) دێڕەوە غەزەلی پێ دەوترێت، هیی تریش دەڵێن لە حەوت (٧) دێڕەوە دەست پێ دەکات. هەروەها لە بابەت ژمارەی گشتیی دێڕەکانییەوە دیسانەوە بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن تا دەگاتە دوازدە (١٢) دێڕیش هەر غەزەلە، هیی تریش دەیگەیەننە پازدە (١٥) دێڕ، هیی واش هەیە دەڵێن تا هەژدە (١٨) دێڕیش هەر غەزەلە و لە پاشاندا دەبێت بە (قەسیدە).

غەزەل: ١– ناوی جۆرە شیعرێکە. ٢– شیعری دڵداری. شیعری ئەویندارانە. ٣– جۆرە قوماشێکی جوانە.

نموونەی (غەزەل)ێکی (کوردی)ی شاعیر:

لەیلەکەی بێ مەیلەکەی مەحبووبەکەی عەییارەکـــــــــــەم
شۆخەکەی بەدبەختەکەی بێ ڕەحمەکەی غەددارەکـــــــــەم

زاڵمەی لە خوا نەترسەی کافرەی بێ مرووەتـــــــــــــــە
قاتیلەی عاشقکوژەی جەللادەکەی خونخوارەکـــــــــەم

گوڵ بەدەن، سیمین زەقەن، خەت یاسەمەن، فەندەق دەهەن
ئەسمەرەی قەد عەرعەرەی ناز و نەزاکەت دارەکـــــــــەم

نەوجەوان، ئەبرۆ کەمان، شیرین دەهان و نوکتـــــــــەدان
تورک ڕەفتار و پەری ڕوخسار و کاکۆڵدارەکـــــــــــەم

ئەی ڕەقیب سەد جار دەرمکەی یا جنێوم پێ بــــــــــدەی
ناعیلاجم هەر دەبێ بێم بۆ سەلاحی کارەکـــــــــــــەم

ژەهری دووریی چەشتووە (هیجری) ئەمێستا بۆیـــــــــەکە
تەڵخ گوفتارە کەلامی لەعلی شەککەر بارەکـــــــــــــەم

ماموستا (عبداللە عبدالقادر علی)